# کوا حکومەت؟!

**بەشدار علی**
Bashdar_net@yahoo.com



ئەم وێنەیە لاشەیەکی بە جێماوی جەنگەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری نیە کە ئینسان لایان بێنرخترین کائینە و کێبرکێ لەسەر کەوتنی لاشەکان و جەس
دەکەن,قوربانیەکی تەقینەوە و مۆمباکانی عیراقی ژێر دەسەلاّتی ئەمەریکا و حکومەتەکەی مالکیش نیە,وێنەیەکی تراژیدیایی کیمیابارانکردن و ئەن
جینوساید و گولەبارانکردنی سەردەمی بەعسیش نیە ,دایکێکی میهرەبانی لە برسان مردووی سۆماڵ و ئەریتریاش نیە ....,بەڵکو ئەم ئافرەتە بە سال
خەڵکی ئەو هەولێرەیە لە 28ی رەمەزانی مانگە خێرو بەرەکەت لەسەر یەکێك لە شەقامەکاندا کەوتووە و دەیەوێت بۆ جەژن پارووییەك نان پەیدا بکا
هەولێرەی کە بە نیازن لە داهاتوویەکی نزیکدا وەکو دوبەی لێبکەن!بەلاّم هەزارانی وەکو ئەو پیرەژنە نانی بەیانیان مسۆگەر نیە و ناچار بە ناخۆشترین
گوزەران کراون.

ئیستا لە کوردستان خەڵك لە خراپترین وەزعیەتدا ژیان دەکەن ,بازار و کالاّکان کەوتۆتە بەردەستی کۆمەڵێك بەرپرسی بازرگان!رۆژانە بەپێی وویستی
نرخەکان بەرزدەکەنەوە و داهاتی تاکەکانیش (ئەگەر هەیانبێت) جێگیرە,بە کورتیەکەی خەڵکیان لە لێواری مەرگ و ژیان راگرتووە ,مەهزەلەکە لەوەدای
خۆشیان لایەنی بەرپرسن لە چاودێری کردنی بازار و کالاّکان,ئەمە وەکو ئەوە وایە کە رانە مەرێك بسپێریتە چەند گورگێك بۆ چاودێریکردن ,ئاخۆ دەبێ
گورگانە چی بەسەر ئەم مەرانە بهێنن!؟

داهاتی مانگانەی فەرمانبەران و کاسبکاران و کرێکاران کە لە سەدا نەوەد و پێنجی خەڵکی کوردستان پێك دەهێنن ,بەشی هەفتیەکی گوزەرانی ناک
مەرجێك ئەگەر خانووی بەکرێ نەبێت,بەشێکی کەمیش کەلەم بەرپرسە بازرگانانە پێك هاتوون نقوم بوونە بە رەفاهیەت و خۆشگوزەرانی کە شاو مەلیک
مەملەکەت و ولاّتێك ئاوا ناژیت.

لەبرسان مردنی خەڵك ئیستا لەکوردستان ئیستا زۆر ئاسان و ئاسیی بووە و تەنانەت بۆتە دیاردە و رۆژانە لەبەرچاواندا روودەدات ,بەهەزارەها ئافرەت و
وەکو ئەو ئافرەتەی وێنەکە لەسەر شەقامەکانی شارەکانی کوردستان کەوتوون و ناچار بە لەتێك نان و پەناگە و کەلاوەیەکن بۆ خەوتنی شەوان و پاش ماو
کەم گیان لەدەست دەدەن,رۆژانە بەسەدان منالّ لەبەر نەبوونی پێداویستیەکانی تەندورستی و نەبوونی خواردن و خواردنەوەی پاك و شیاو و گەرماو س
سەختی هاوین,کۆتایی بە ژیانیان دێت و وەکو ئێمەی بەدبەخت چاویان ئەو دونیا نا یەکسانە نابینێت,رۆژانە دەیان کوڕ و کچی گەنج کە توانایان نیە
پێك بهێنن ,کۆتای بە ژیانی خۆیان دەهێنن,دەیان ئافرەت و پیاو لەبەر نەبوونی پێداویستیەکانی رۆژانە شیرازەی خێزانیان تێك دەچێت و بە شێوەی
شێوەکان کۆتای بە ژیانیان دێت,بەدەیان گەنج و لاو لەبەر نادیاری چارەنوسیان و قورسی و گرانی ژیانکردن لە کوردستان رێگای هاتو نەهاتی کۆچ دەگرن

بەداخەوە زۆربەیان  دەبنە قوربانی,بەدەیان پیرو پەکەوتە و منالٚ لەبەر نەبوونی سوتەمەنی و کارەبا لە زستان و هاویندا گیان لەدەست دەدەن...,هەموو ئ
لە برسان مردن نیو؟؟

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین,ئەگەر حکومەت نەتوانێ کەمترین پێداویستیەکانی تاك دەستەبەر بکات بوونی چ گرینگیەکی هەیە؟!,لە کاتێدا حکومەت
هێندە امکانیاتی لەبەردەستدایە کە بەهیچ کات و زەمانێك بەراوورد ناکرێت,بچوکترین نمونە تەنها بۆ چوار رۆژ و مانەوەی چوار میوانی وەزارەتی رۆشنب
هەولێر (25) ملیون دینار سەرف کراوە! ئەگەر دەزگایەك خۆی بە بەرپرس نەزانێ لەبەرامبەر کەوتنی سەدان لاشەی لەم شێوە لەسەر شەقامەکان ,گوما
لە هەبوونی حکومەت زێدەڕۆی نیە.